## ( دەست وپەنجە )

فازیل شەورۆ

ڕۆژێ ، دەست و پەنجەیێکی زبرو قرێژاویم بینی ،
بێرەحمانە ،
پەڕوباڵی کۆترەیەکی خانومانیان هەڵدەکێشا،
لەگەڵ هەر شاپەڕێکی دا،
لە ناخمەوە،
ئاخی مەرکم ، هەڵداکێشا... .
کاتێ کۆتر سەرێکی بۆ هەڵبڕیم و
دیدەنیمان، ڕژایە ناو یەک کاسەوە
من ، بە چاوی ئەو دەمبینی:
چۆن شینایی ئاسمانی هەڵفرینی
بەرە بەرە ڕەش دەبۆوە !
ئەویش بە چاوی من دەیدیت:
چۆن هێلانەیی خەونەکانی
وورده وورده
بەسەر سەری شاعێرێکا
کوێردەبۆوە !
هێندە بێزم لە دەستەکانی خۆم بۆوە
بە لیوانما،
شاپەڕەکانی سەرزەویم هەڵکرتنەوەو
لە دوای چەندین
ماچ و
هەنیسک و
ڕاموسان
لە ژێرسەری کچۆلەشیعرێکم دانان.
کە شەو، تاوانی کوشتنی ئەم فرینەم
بۆ کچۆڵەخەمخۆرەکەم گێرایەوە،
گوێم لە چرپەی دەستی خۆم بوو
کە بە پەنجەکانی دەگووت:

شیری منتان لێ حەرام بێ
گەر تا ماون:
تۆڕو تەپکەو قەمچی وفەلاقە بناسن،
هەزارجار حاشاتان لێبێ:
گەر ویژدانتان بە گۆپاڵی ستەمکاراندا هەڵواسن .